# پەرەسەندنی دەروونیی مرۆڤ

# بارباشی

ئەریك فرۆم

وەرگێڕانی لەعەرەبییەوە: كامیل محەمەد قەرەداغی



ئەریك فرۆم

دەکرێ لە یەکەم نزیکبوونەوەدا لە پێناسەی (بارباشی-well being) بەمشێوەیە پێناسە بکرێت:-

بارباشی کەینونەیە بەپێی سروشتی مرۆڤ. ئەگەر بەسەر ئەم داڕشتنە فۆرمالیستییانەشدا تێپەڕیین ئەم پرسیارە قووتدەبێتەوە:-بارباشی بەپێی مەرجەکانی بوونی مرۆیی چییە؟ ئەی ئەو مەرجانە خۆیان چین؟

بوونی مرۆیی مەسەلەیەك دەوروژێنێ،چونکە مرۆڤ بەبێ خواستی خۆی فڕێدەدرێتە ئەم دونیایەوە و هەر بەبێ خواستی خۆیشی لێی دووردەخرێتەوە. بەپێچەوانەی ئاژەڵیشەوە، کە ئەو لەناو غەریزەکانیدا میکانیزمێکی بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ ئەو دەوروبەرەدا هەیە کە بەشێکە لەخۆی و بەگشتییش لەناو سروشتەکەدا دەژی.مرۆڤ ئەو میکانیزمە غەریزەییەی نییە. دەبێ ئەم ژیان گوزەران بکات، چونکە ئەوە ژیان نییە کە ئەم گوزەران بکات.ئەم لەناو سروشتدایە و لەگەڵ ئەوەشدا سروشت تێدەپەڕێنێت، هەست بەخۆکردنی هەیە،ئەم هەست بەخۆکردنەشی وەك بوونێکی جیاواز وایلێدەکات کە وا هەست بەخۆی بکات کە بەشێوەیەکی تاقەت پڕوکێن تەنهایە، ونە، لاوازە.هەر خوودی لەدایکبوونەکەشی بۆخۆی گرفتێك دەوروژێنێت.چونکە ژیان لەچرکەساتی لەدایکبووندا پرسیارێك لەمرۆڤ دەکات و دەبێ مرۆڤیش وەڵامی پێبداتەوە، دەبێ لەهەموو چرکەساتێکدا وەڵامی پێبداتەوە، ئەوەشی کە دەبێ وەڵامەکە بداتەوە، بریتی نییە لە زەینی و لە جەستەی، بەڵکو بریتییە لە "ئەو" واتە ئەو کەسەی کە بیردەکاتەوە و خەودەبینێ و دەنوێ و دەخوا و پێدەکەنێ_مرۆڤ بەگشتی_ئەو دەبێت وەڵامی پێبداتەوە. ئەم پرسیارە چییە کە ژیان دەیوروژێنێت؟پرسیارەکە ئەمەیە:-

چۆن بتوانین زاڵ ببین بەسەر ئەو ئازار و زیندان و شەرمەدا کە ئەزموونی جیابوونەوە دروستیان دەکات؟چۆن بتوانین یەکگرتنێك لەناوخۆماندا و لەگەڵ مرۆڤی هاوشێوەماندا و لەگەڵ سروشتدا بدۆزینەوە؟ دەبێ مرۆڤ بەشێوازێك وەڵام بەم پرسیارە بداتەوە.تەنانەت لە شێتییشدا وەڵامەکە بەوە پێشکەش دەکرێ کە واقع بۆ دەرەوەی خۆمان پاڵی پێوەبنێین، بۆئەوەی لەناو قاوغی کەسوکارەکەماندا بژین، و بەمەش بەسەر نەهامەتیی جیابوونەوەدا زاڵ ببین.

پرسیارەکە بەردەوام هەر وەك خۆیەتی ، بەڵام فرە وەڵامی هەن، یان لەبنەڕەتدا تەنها دوو وەڵام هەن: یەکیان زاڵبوونە بەسەر جیابوونەوەدا و دۆزینەوەی یەکێتییەکەیە بە پاشەکشەکردن بۆ ئەو باری یەکێتییەی کە لەکاتێکی پێش سەرهەڵدانی هەستدا ، واتە پێش ئەوەی کە مرۆڤ لەدایك ببێت لەئارادابووە.

وەڵامەکەی تریش ئەوەیە کە مرۆڤ بەتەواوی بۆ پەرەپێدانی هەست و زەین و توانای خۆشەویستیی لەدایك بووبێ،تا ئەوئاستەی کە تێیدا سنوری نوقمبوونە چەقبەستوەکەی دەوری (من)تێدەپەڕێنێت و دەگاتە گونجانێکی نوێ و دەگاتە یەکێتییەکی نوێ لەگەڵ جیهاندا.

کاتێك کە باس لەدایکبوون دەکەین هەمیشە ئاماژە بە ئەوکاری لەدایکبوونە فیزیۆلۆژییە دەدەین کە لەپاش ئاوسبوونی پتر لەنۆمانگ بۆ منالی مرۆڤ ڕوودەدات. بەڵام لەزۆرلاوە زیادەڕەوی دەکرێ لە خەملاندنی گرنگیی ئەم لەدایکبوونەدا.چونکە لەچەندلایەکی گرنگەوە ژیانی منالّ لە هەفتەی یەکەمی پاش لەدایکبوونیدا پتر لەوەی لەپیاوێك یان ژنێکی باڵق بچێت،هەر لەوکاتەی دەچێت کە لەناو ڕەحمدا بووە. بەڵام بەهەرحاڵ لەدایکبوونیش لایەنێکی دانسقەی هەیە:ناوکەکە بڕاوە و منالەکەش یەکەم چالاکیی دەست پێدەکات ، کە هەناسەدانە. بۆیە لێرە بەدوواوە هیچ جۆرە بڕینێك بۆ پەیوەستە بەرایییەکان شیاو و لەبارنابێ، مەگەر تا ئەو ئاستەی کە پەیوەندی بڕینەکە بەهاوەڵیی چالاکییەکی ڕاستەقینەوە ببێت. هەروەها لەدایکبوونیش تاکە کردارێك نییە، بەڵکو سەربردەیەکە. ئامانجی ژیانیش لەوە پتر هیچی دیکە نییە کە ئێمە بەتەواوی لەدایك بووبین. ئەگەرچی تراژیدیاکەش لەوەدایە زۆربەمان پێش ئەوەی کە ئاوا لەدایك بووبین، دەمرین. ((ژیان لەدایکبوونە لەناو هەموو چرکەکاندا،مەرگیش ئەوکاتە ڕوودەدات کە

لەدایكبوون دەوەستێت.))

سیستمی خانەیی ئێمە لەڕووی فیزیۆلۆژییەوە پرۆسەیەكی لەدایكبوونی بەردەوامە، بەڵام لەڕووی سایكۆلۆژییەوە لە مەرزی قۆناغێكی دیاریكراودا لە لەدایكبوون دەوەستێت. هەندێكی خەڵك (پڕبەمانای وشەكە) بەمردوویی لەدایك بوون. لەڕووی فیزیۆلۆژییەوە لە ژیانكردن بەردەوامن،بەڵام لەڕووی زەینییەوە وەستاون، گەڕاونەتەوە ناو ڕەحم،ناو زەوی، ناو تاریكی، ناو مەرگ، شێت، یان نیمچە شێتیشن. زۆری تری جگە لەوانیش ماوەیەكی دوورتر بەناو ڕێگەی ژیاندا دەڕۆن،بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ناتوانن (ئەگەر ئەم دەربڕینە راست بێت بیڵێین )بەتەواوی ناوكی خۆیان بپڕن، بۆیە هەر بە پشت بەستووی بەدایكیانەوە، بەباوكیانەوە،بەخێزانەوە، بە دەوڵەتەوە،بەپلەوپایەوە، بەپارەوە ، بەخواوەندەكانەوە، و شتانی تری هاوشێوەوە دەمێننەوە و بەوشێوەیە دەرناكەون كە خۆیان وان، هەروەها ناشبن بە لەدایكبووی تەواو.

دەكرێ هەوڵی پاشەكشەكارانە بۆ وەڵامدانەوە بە گرفتی (بوون)چەند فۆرمێكی جیاواز وەربگرێت، خاڵی هاوبەشی نێوانی هەموو فۆرمەكانیش ئەوەیە شكست دەخۆن و ئازاریان لێدەكەوێتەوە. هەرهێندەی كە مرۆڤ لە یەكبوونە فیردەوسییەكەی پێش مرۆڤایەتیی خۆی لەگەڵ سروشتدا دامالرا، ئیتر توانای گەڕانەوەی نامێنێت بۆ ئەو شوێنەی كە لێوەی هاتوە. چونكە دوو قولاپی شمشێرداری داگیرساو ڕێگەی گەڕانەوەكەی پێدەبڕن.بۆیە ئەو گەڕانەوەیە تەنها لە مردن، یان شێتبووندا ڕوودەدات، نەك لە ژیان و ئاوەز دروستیدا.

مرۆڤ دەتوانێت لەسەر چەند ئاستێكی زۆر و زەوەند هەوڵی دۆزینەوەی ئەم یەكێتییە پاشەكشەكارییە بدات. كە ئەو ئاستانە لەهەمان كاتدا چەند ئاستێكی گەڕانن بەدوای نەخۆشی و بێئاوەزیدا. كە دەكرێ سۆزی گەڕانەوە بۆ ناو ڕەحم، یان بۆ زەویی دایك، یان بۆ مردن زاڵ ببێت بەسەریدا. بۆیە ئەگەر ئامانجەكە درێژخایەنێكی سەراپاگیر و لەخەفەكردن نەهاتوو بێت، ئەوا ئاكامەكەی دەكاتە خۆكوشتن، یان شێتبوون. یەكێكی ئەو فۆڕمی گەڕانانەی كە بەدوای یەكێتیی پاشەكشەكارانە دەكرێ، كە قایلكار بێ و كەمترین مەترسیشی هەبێت، ئامانجی هێشتنەوەی پەیوەندییە بە مەمكی دایك، یان دەستی دایك، یان فەرمانی باوكەوە. جیاوازیی نێوانی ئەم ئامانجە جۆراوجۆرانە ئاماژەدانە بەجیاوازییەكانی نێوانی كەسێتییەجۆراوجۆرەكان.

چونكە ئەو كەسەی بەسەر سنگی دایكیەوە دەمێنێتەوە،ئەوە ئەو شیرەخۆرە وابەستەیە هەمیشەییەیە كە كاتێك خۆشەویستە و گرنگیی پێدەدرێت ،پارێزراوە و خەڵك سەرسامن هەست بە خۆشنودی دەكات، بەڵام ئەو كاتە پڕپڕە لە نیگەرانییەكی بەرگە نەگیراو كە دەكەوێتەژێر هەڕەشەی جیابوونەوە لەدایكە پڕخۆشەویستییەكەی. رەنگە ئەو كەسەی كە بە پەیوەستی بە فەرمانی باوكیەوە دەمێنێتەوە بڕێكی زۆری گیانی دەستپێشخەری و چالاكییشی تێدابێت، بەڵام ئەمەش هەمیشە دەوەستێتە سەر بوونی دەسەڵاتێك كە فەرمانی بۆ دەربكات، بگەڕێتەوەسەری و سزای بدات.

فۆڕمەكەی تری ئاراستەی پاشەكشەكاری لەو وێرانكارییەدا حەشاردراوە، كە بە ئامانجی زاڵبوون بەسەر جیابوونەوەدا، ئارەزوی وێرانكردن و تێكشكاندنی هەمووشتێك و هەموو كەسێك دەكات.لەوانەیە مرۆڤ لەناو ئارەزووی لووشدان و تێكەڵكێشكردنی هەمووشتێك لەگەڵ هەموو كەسێكدا بەدوای ئەمەدا بگەڕێت، واتە وا جیهان و هەموو شتەكانی ناوی گوزەران بكات، كە ئەمانە هەموویان خۆراك بن، واتە تێكشكاندنی تەواوی هەمووشتەكان، جگە لە تەنها شتێك كە ئەویش خودی خۆیەتی.لەگەڵ ئەوەشدا فۆڕمێكی تری هەوڵدان بۆ پاكبوونەوە لە ئازاری جیابوونەوە لەوەدا حەشاردراوە كە مرۆڤ هەوڵ بدات(من)ەكەی وەك شتێكی جیاواز و شورابەندكراوی وا بونیادبنێت كە ئەگەری رووخانی نەبێت. ئەوكاتە ئیتر




مرۆڤ وەك موڵکیەت و وەك هێز و پایە و ئاوەزی خۆی، خۆی دەگوزەرێنێت.

چونەدەرەوەی تاك لە یەکێتیی پاشەکشەکاری هاوەڵە لەگەڵ زاڵبوونێکی پلەداردا بەسەر (نەرجسیەت)دا. چونکە مرۆڤ لەپاش لەدایکبوونەوە هەستکردنی تەنانەت بەرامبەر بە ئەو واقعەش نابێت کە لەدەرەوەی خۆی هەیە... هەستەکە بەمانای هەستی مەعنەوییە. چونکە ئەو هێشتا لەگەڵ مەمکی دایکی و سنگی دایکیدا یەك کەیانن. ئەو خۆی لەبارێکدا دەبینێتەوە کە دەکەوێتە پێش هەر جیابوونەوەیەکی نێوانی خوود و بابەت. لەپاش ماوەیەك توانای جوداکردنەوەی نێوانی خود و بابەت لە هەموو منداڵێکدا دروست دەبێت. بەڵام ئەو توانایە تەنها لەناو مانای ڕوونی هەست پێکردنی ئەو جیاوازییەدا دەبێت کە لەنێوان (من)و(نا من) دا هەیە. بەڵام ئەمە بەماناسۆزدارییەکەی کامڵبوونێکی تەواوی

پێویستە بۆ زاڵبوون بەسەر هەڵوێستی نەرجسیدا بۆ زانینی هەمووشتێك و توانای ئەنجامدانی هەمووشتێك، بەمەرجێك کە گەیشتن بە ئەم قۆناغە لەکاتێکی ڕابوردوی پێش ئێستەدا ڕوویدابێت. ئێمە ئەم هەڵوێستە نەرجسییە بەڕوونی لە ڕەوشتی منالان و کەسایەتییە عوسسابییەکاندا هەست پێدەکەین. بەڵام تەنها ئەوە تێیدا ناوازەیە کە لەباری ئاشنادا لەلای منالان بەهۆشەوەیە و لەلای عوسسابییەکان بە بێهۆشییەوەیە. چونکە منالْ واقع بەوشێوەیە وەرناگرێت کە خۆی هەیە، بەڵکو بەوشێوەیە وەریدەگرێت کە منالەکە خۆی دەیەوێت وابێت. ئەگەر ئەم ئارەزووەشی نەهاتەدی تووڕەیی بەسەریدا زاڵدەبێ. ئەرکی تووڕەبوونەکەشی ئەوەیە کە لەڕێگەی (ناوەندەکەی باوکی یان دایکیەوە) جیهان ناچار بکات کە لەگەڵ ئارەزووەکەی ئەودا بگونجێت. لە گەشەسەندنی سروشتیی منالدا ئەم هەڵوێستە لەسەرخۆ دەگۆڕێت و دەبێت بە هەڵوێستێکی کاملی هەست پێکردن و پەسەندکردنی واقعەکە و پەسەندکردنی یاساکانی و پاشانیش زەرورەتەکەی. لە کەسی عوسسابییشدا بەشێوەیەکی جێگیر ئەوە دەبینین کە نە دەگات بە ئەم قۆناغە و نە واز لە راڤەکردنە نەرجسیەکەی خۆی بۆ واقع دەهێنێت. ئەو هەر سوورە لەسەر ئەوەی کە پێویستە واقع لەگەڵ بیروبۆچونەکانی ئەودا ڕێك بێت. کاتێکیش کە هەستدەکات مەسەلەکە وانییە، وەڵامدانەوەکەی ئاوایە کە یان هەوڵ بدات واقعەکە ناچار بکات کە لەگەڵ ئارەزوەکانی ئەمدا کۆك بێتەوە(واتە کاری نەکردەنی بکات)یان هەست بەلاوازی دەکات لەبەرئەوەی کە ناتوانێت ئەم پەرچووە بێنێتەدی. ئەو بیرۆکەی ئازادییەی کە لەلای ئەم کەسە هەیە، چ لە هۆشیاریدابێت، یان لە بێهۆشیدا ئەو بیرۆکە نەرجسیەیە کە گوایە توانای ئەنجامدانی هەموو

شتێکی هەیە, لەکاتێکدا کە بیرۆکەی ئازادی لەلای کەسی گەشەتەواو بریتییە لەبیرۆکەی هەست پێکردنی واقع و یاساکانی و کارکردنە لەناو یاساکانی پێویستیدا . بەوەی کە تێگەیشتنی جیهان گرێبدات بە توانا هزری و سۆزییەکانی خۆیەوە.

دیارە ئەم ئامانجە جیاوازانە و ڕێگاکانی گەیشتن پێیان بەپلەی یەکەم کۆمەڵە ڕێکخراوەیەکی هزریی جیاوازنیین. بەڵکو ڕێگاجۆراوجۆرەکانی بوون (Being) و وەڵامە جیاوازەکانی هەموو مرۆڤن بەو پرسیارەی کە ژیان لێی پرسیون. ئەمانەش هەر هەمان ئەو وەڵامانەن کە لەناو ئەو دامەزراوەئاینییە جیاوازانەدا پێشکەشکراون کە مێژووی ئاینییان گەڵاڵەکردووە. چونکە لە مەزهەبە بەراییەکانی گۆشتی مرۆڤخۆرەکانەوە ئاینە بووزییەکەی (زن) ڕەگەزی مرۆیی لە چەند وەڵامێکی کەم تێپەڕێت وەڵامی بە پرسیاری بوون نەداوەتەوە. هەر مرۆڤێکیش لە ژیانی خۆیدا وەڵامێك لەم وەڵامانە پێشکەش دەکات.ئەگەرچیش کە نەریتەکە وایە خۆشی هەست بەو وەڵامە ناکات کە دەیداتەوە. لە کەلتوورە رۆژئاواییەکەی ئێمەدا هەر مرۆڤەو وادەزانێت کە ئەوە وەڵامی ئاینی مەسیحی یان جولەکە, یان وەڵامێکی بێباوەڕیی بەرچاو ڕوونیی رۆشنگەرییە کە پێشکەشی دەکات. لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر توانیمان بە تیشکی سینی وێنەیەکی زەینی بۆ هەریەکەی کەسەکان بگرین ئەوا بڕێکی زۆر و جۆراوجۆری بتپەرستیدەبینین و بڕێکی کەم هەن مەسیحی و جولەکە و بوزی و تاوی بن. ئاینیش وەڵامی دوورودرێژی فۆرمداریبوونی مرۆڤە. ئەمجا لەبەرئەوەی کە دەکرێ لەگەڵ ئەوانی دیکەدا بەهۆش و بەسرووت بەشداریی ئەو وەڵامە بکەین, کەواتە نەوییترین ئاینیش بەهۆی پەیوەندییە پتەوەکەیەوە بە ئەوانی دیکەوە هەستکرنی خۆی بەماقوولی و بە ئاسایش نوێ دەکاتەوە. کاتێکیش کە بەشدارییەکە نەکرێت, و ئارەزووە پاشەکشەکارییەکە بەپێچەوانەی هۆش و خواستەکانی کەلتورەباوەکەوە دەبێت, ئەوکاتە ئیتر "عوسساب" دەبێتە "ئاینێکی نهێنیی تاکەکەسی"

مرۆڤ بۆئەوەی لە تاکەکەسی نەخۆش_یان هەر بوونەوەرێکی مرۆیی_ تێبگات

دەبێ بزانێت وەڵامی ئەو بەرامبەر بە پرسیاری (بوون)چییە.یان ئەگەر ئەمە بەشێوەیەکی جیاواز بڵێین, دەبێ بزانین ئەو ئاینە نهێنییە تاکەکەسییەی چییە کە هەموو هەوڵ و سۆزەکانیی بۆ دەخاتەگەڕ. زۆری ئەوشتانەی کە مرۆڤ بە "گیروگرفتی سایکۆلۆژییانە "یان تێدەگات بریتین لە بەرهەمە ناوەندییەکانی ئەو "وەڵام"ە بنچینەییەی. لەبەرئەوە ئەوە هەوڵێکی بێکەڵکە کە پێش ئەوەی لەو وەڵامە بنچینەییەی تێبگەیت کە بریتییە لە ئاینە نهێنییە تایبەتیەکەی ئەو هەوڵی "چاکبوونەوەی "بدەین.

با ئێستە بگەڕێینەوە بۆلای مەسەلەی "بار باشی"یەکە. با بزانین نیازمان وایە لە رۆشنایی ئەوشتانەدا کە تا ئەم خاڵە باسکران, چۆن پێناسەی بکەین؟

بارباشی بارێکی گەشتنە بە پەرەسەندنی تەواوی زەین: زەین نەك بە مانا رووتەکەی فەرمانڕەوایی تاکەکەسی, بەڵکو بەمانای تێگەیشتنی راستیی شتەکان بە"وازهێنان لە شتەکان کە لەسەر شێوەی خۆیان بن_وەك ئەوەی کە هایدگەر دەیڵێ_" بارباشییش(حسن الحال) شیاو نابێت,مەگەر لەو ئاستەدا کە تێیدا مرۆڤ بەسەر نەرجسیەتەکەیدا زاڵدەبێت, لەوئاستەدا کە کراوە و وەڵامدەرەوە و هەستەوەر و بێدار و خاڵی دەبێت. (خاڵی بوونەکە مەبەست لە خاڵیبوونە لەباری زن)بارباشی مانای بوونی پەیوەستی تەواو بە مرۆڤ و بە سروشتەوە لەسەر ئاستی سۆزداری. بۆ زاڵبوون بەسەر دابڕان و نامۆیی و گەیشتن بە شارەزایی یەکێتی لەگەڵ هەر شتێکدا کە هەیە.لەگەڵ ئەوەشدا لەهەمانکاتدا کە خۆم وەك کەیانێکی جیاواز"کەیانی من"وەك تاك گوزەران

بکەم. باریاشی مانای ئەوەیە کە مرۆڤ بەتەواوی لەدایك بووبێت، بە هێزەوە ببێت بە بوونەوەرێکی ئامادە.واتە تەواوی توانای ئاسودەیی و خەمی هەبێت، یان بەمانایەکی تەواو جیاوازتر لەو بارە خامۆشییە بێداربێتەوە کە مرۆڤی ئاسایی تێدا دەژی و تەواو بێداربێ. ئەگەر مانای هەموو ئەمانەی هەبوو ئەوە ماناکەی ئەوەیە کە مرۆڤ داهێنەر بێت.واتە کاردانەوەم و وەڵامدانەوەم وەك "من"ی مرۆڤی ڕاستەقینەی گشتی بەرامبەر بە باری راستیی هەر کەسێك و هەر شتێك هەر هەمان شت بێت. لەناو کردەی ئەم وەڵامدانەوە راستەقینەیەدا کایەی داهێنان و کایەی بینینی جیهان وەك خۆی و گوزەراندنیشی وەك جیهانێك بۆخۆم حەشاردراوە. چونکە ئەو جیهانە بەتێگەیشتنی داهێنەرانەی من بۆئەو ئەفرێنرێ و وەردەچەرخێت. بەمەش جیهان بەنامۆیی نامێنێتەوە ،بەڵکو دەبێت بە جیهانی من. لەکۆتاییدا باریاشی مانای ئەوەیە مرۆڤ"من"کرچ بکاتەوە و واز لە چڵێسی بهێنێت. واز لەوە بهێنێت کە بەدوای پارێزگاریکردن و مەزنکردنی "من"دا ڕابکات. واتە مرۆڤ"خۆی"بێت و لەکاری بوونگەریدا بیگوزەرێنێ، نەك لە بەموڵککردن و دەست بەسەرداگرتن و ئارەزوکردنی موڵکی ئەوانی دیکە و بەکارهێناندا.

من وتم مرۆڤ راستیی بوونە دروستەکەی خۆی پرسیارێکی لێدەکات، ئەم پرسیارە ئەو ناتەباییە دەیوروژێنێت کە لە ناخیایەتی، ئەویش ئەوەیە کە ئەو لەناو سروشتدایە و لەهەمانکاتدا لەبەرئەوەی ژیانێکی هەست بەخۆکردووە کەواتە سروشتیشی تێپەڕاندووە.هەر مرۆڤێك گوێ بۆئەم پرسیارە شل دەکات کەلێیکراوە، و وەڵامدانەوەشی پێی(دیارە وەڵامدانەوەکەی وەك مرۆڤێکی گشتی، نەك تەنها بە بیری خۆی)مەسەلەیەکە شایانی ئەوەیە ئەوپەڕی گرنگیی پێبدرێت. ئەو "مرۆڤێکی ئاینییە"و هەموو ئەو دامەزراوانەش کە هەوڵدەدەن ئەو وەڵامانەی پێشکەش بکەن و فێری بکەن و دامەزراوەگەلێکی "ئاینیین"لەلایەکی دیکەشەوە هەر مرۆڤێك هەوڵ بدات گوێی خۆی لەپرسیاری وجودی کەڕبکات، ئەوە مرۆڤێکی نائاینییە. ئەم مەسەلەیە بۆسەر هەر کەلتورێك ڕاست دەبێت.نمونەیەکیش نییە لەئێمەی ئەوخەڵکانی کە لەسەدەی بیستدا دەژین باشتربێت لەسەر ئەو کەسانەی کە گوێیان بەرامبەر بەو پرسیارە کەڕ بێت کە بوون دەیپرسێت. ئێمە بەوە هەوڵ دەدەین لەو پرسیارە ڕابکەین کە خۆمان بە موڵکداری و پلەوپایە و دەستەڵات و بەرهەم و ڕابواردن و لەبنەڕەتیشدا بەو هەوڵەوە سەرقاڵ دەکەین کە دەمانەوێت لەبیری خۆمانی بەرینەوە کە "ئێمە هەین"یان "من هەم". بۆیە مرۆڤ هەرچەند بیر لەخوا بکاتەوە و چەند زۆر بچێتە کڵێسا، و چەند بڕوای بە بیرەئاینییەکان هەبێت، ئەگەر بەرامبەر بە پرسیاری بوون کەڕ بێت و وەڵامێکی بۆی نەبێت، هەر لەشوێنی خۆیدا دەمێنێتەوە و پێش ناکەوێت، وەك هەر شتێکی ناو ئەو ملیۆنان شتەی کە خۆی بەرهەمیان دەهێنێت دەژی و دەمرێ، ئەو لەبریی ئەوەی کە لەناو شارەزایی لەبوونی خوادا بژی، بیر لە خوا دەکاتەوە.

بەڵام ئەوە مەسەلەیەکی خەڵەتێنەرە وا دابنێین کە وا پێویستە ئاینەکان شتێکی هاوبەشن و بەوە سنوری گرنگیپێدان تێدەپەڕێنن کە وەڵام پێشکەشی پرسیاری (بوون) دەکەن. هێندەی ئەوەی کە مەسەلەکە پەیوەندیی بە ناوەڕۆکی ئاینەوە هەبێت هەرگیز شتێکی وا لەئارادانییە کە ناوی یەکێتیی بێت. بەڵکو بەپێچەوانەی ئەوەوە دوو وەڵام لەئارادان کە ناوەڕۆکەکەشیان ناکۆکە، ئەوانیش ئەو دووانەن کە تۆزێك پێش ئێستا لەسەرەوە سەبارەت بە تاك باسمان کردن، یەکێکیان گەڕانەوەیە بۆ بوونی پێش مرۆیی، پێش هۆش، و هەڵوەشاندنەوەی زەین و گۆڕان بۆ بوون بەئاژەڵ، بەمەش مرۆڤ سەرلەنوێ لەگەڵ سروشتدا دەبێتەوە بە یەك. زۆرن ئەو فۆرمانەی کە لەڕێگایانەوە گوزارە لەوە دەکرێت .لە یەکێکی جەمسەرەکاندا دیارەگەلێکی وەك ئەوە هەن کە لەو

گروپە نهێنییانەدا هەن کە لەناو گروپی(بیر سێرکەرن)ەکاندا دەیانبینین(Bear serkers) کە ماناکەی بەپێی وەرگێڕانی وشەکان دەکاتە(کراسی وورچەکان- Bear shirts) واتە ئەوانەی دەچنە بەرگی ورچەوە, ئەو لاوەی کە دەچێتە ناو ئەم گروپانەوە دەبێ لە مرۆڤایەتییەکەیەوە بگۆڕێت بۆ جۆرێك لە توندوتیژیی دوژمنکارانەی توندی ترسێنەرانە و بچێتە شێوەی ئاژەڵێکی دڕندەی تۆڕەوە.بەڵام ئەم ئارەزوەی گەڕانەوە بۆ یەکێتییەکەی پێش مرۆڤایەتی لەگەڵ سروشتدا هەرگیز تەنها تەرخان نەبوون بۆ کۆمەڵگە بەرایییەکان, ئەمەش ئەوکاتە باش ڕووندەبێتەوە کە پێکەوەگرێدانێك بکەین لەنێوانی "کراسی وورچەکان" و "کراس قاوەییەکان"ی لای هێتلەردا. چونکە لەکاتێکدا کە جەماوەرێکی فراوانی لایەنگرانی "حزبی نەتەوەیی سۆشیالیستی"لەو سیاسییە نائایینییە هەلپەرستانە پێکدەهات کە بەدوای هێزدا دەگەڕان , لەگەڵ کۆلاکەکان و ژەنەراڵەکان و خاون کار و بیرۆکراتەکاندا, ناوکی حزبەکە کە بریتی بوو لە سێکوچکەی(هێتلەر و هیملەر و گۆبلز) لەناوەڕۆکدا لەو "کراسی وورچ"انە جیاوازنیین کە توندوتیژییەکی زۆری "پیرۆز" پاڵیان پێوەدەنێت, و ئامانجەکەشیان بریتییە لە وێرانکردن , گوایە ئەوە ئەوپەڕی هێنانەدیی ڕوانینە ئایینییەکەیانە. ئەم "کراسی وورچ"انە ئەوانەن کە لەسەدەی بیستدا پووچگەرییەکیان زیندووکردەوە کە بریتییە لە "تاوانی بەسرووتەوە کوشتنی جولەکە,بۆیە کە ئەنجامیان دەدا ئارەزویەکی قووڵتریان لە ئارەزوەکەی خۆیان پیشاندەدا کە بریتی بوو لە:تاوانی بە سرووتەوە کوشتن " بۆیە لەسەرەتاوە تاوانی بەسرووتەوە کوشتنیان لەدژی جولەکەکان ئەنجامدا و پاشانیش لەدژی دانیشتووە بێگانەکان و ئەمجا ئەڵمانەکان خۆیان.لەکۆتاییشدا و لەدواسرووتی وێرانکردنی تەواودا ژنەکانیان و مناڵەکانیان و خۆیشیانیان کوشت.زۆر فۆرمی ئایینیی تریش هەیە کە کەمێك لەمە لەپێشتربێت کە خەبات بکات لەپێناوی یەکێتییەکەی پێش مرۆڤایەتییەکەی تەك سروشتدا.هەروەها لە پەرستیارییەکانیشدا هەر هەیە کە هۆزێك لەگەڵ ئاژەڵێکی تەوتەمیدا یەکدەگرن.لەو سیستمە ئاینیانەشدا هەن کە بۆ پەرستنی دار و دەریاچە و ئەشکەوتەکان تەرخانن .لەگەڵ ئەو پەرستیارییانەی تریشدا هەن کە ڕێوڕەسمی بەدڕەوشتییان هەیە و پێگەیشتن لە هۆش و زەین و ویژداندا دەکەنە ئامانجی خۆیان.لە هەموو ئەم ئاینانەدا پیرۆز ئەوشتەیە کە لەگەڵ ئەو ڕوانینەی مرۆڤدا دەگونجێت کە مرۆڤ بگۆڕێت بۆ بەشێکی نامرۆیی سروشت.مرۆڤی پیرۆزیش وەکو (شامان- Shaman) بۆ نمونە ئەو کەسەیە کە لەوبوارەدا تا ئەوپەڕی مەودا ڕۆیشتووە.

جەمسەرەکەی تری ئاین بریتییە لە هەموو ئەو ئاینانەی کە هەوڵ دەدەن وەڵامێك بۆ پرسیاری بوونی مرۆیی بەوە بەدەست بهێنن کە بەتەواوی لە بوونی پێش مرۆیی بچنە دەرێ و پەرە بەتواناى ئاوەز و خۆشەویستی مرۆڤ بدەن, هەروەها گونجانێکی نوێیش لەنێوان مرۆڤ و سروشت, و مرۆڤ و مرۆڤدا بدۆزنەوە.

سەرچاوە / ئینتەرنێت /ماڵپەڕی تایبەت بە (سایکۆلۆژیای قووڵ- Depth Psychology) لە وەرگێڕانە عەرەبییەکەی (محمود منقذ الهاشمي) ئەم وتارە کراوە بەکوردی.